# تۆ ..كه دەستم له خۆم پێ دەشۆی !!

ڕێباز مەحمود-هۆڵەند

دەمەوێت به شێنەیی خۆم له خۆم بدزمەوە و
به ناو تەم و مژەکانی تۆدا بکەومە ڕێ
که له دورەوە بەسەر دورگەیەکی سیحراویدا پەخش بۆتەوە ..
بۆ خۆ شاردنەوەشم له پیری ،
بەر لەوەی هەڵمێکی تەڕ له ڕووی ئاوێنەکەم بنیشێ
بۆ دوا جار ئاراستەکەی دەگۆڕم
له ڕوو بەڕووی تاڵە سپیەکانی سەرمەوە
بەرەو ڕووی بێ ئۆقرەییم ..
له ڕوو بەڕووی ماتیەکانی دڵمەوە ،
بەرەو ڕووی سەرکێشیەکانی ڕۆحم ..
هیچ قسەیەکیشم نیە بۆ سەرسامیت ،
هێندە نەبێ ناو نیشانێکی ئەدەمێ
بڕوات له ئاماری مردنەکانا
له تەنیشت خەونە کوژراوەکانی خۆتا بمدۆزیتەوە ...
حەز دەکەم بڕوات گیانەڵای تەیرێکی باڵ شکاو
له ناو گریانی فلوتێکا
بخوێنیتەوە ..
به بێ مەیلی هەورازێکەوە
له دوا زەردەخەنەی فرینێک بڕوانێت
که دەست له سنگ فراوانی ئاسمان دەشوا ..
نامەوێت هیچ شتێک بکەم به کۆڵ بەسەر خۆمەوە
دەست له هەموو ڕژانێکی تا ئێستای خۆم دەشۆم و
به شێنەیی دەکەومە ڕێ
تەنانەت به دزی جەستەشمەوە ..
حاشا لەو پێکەنینانەی بۆ ئەتک هاتن و
خۆیان لەو دیو فاریزەکانی هەنیسکمەوە
قوت کردەوە ..
حاشا لەو ڕۆژانەی به زمان لوسی خۆیانەوە
هاتنە بن کلێشەی خۆشخەیاڵیم و
له ماڵە دوو ژوورو یەک هەیوانیەکەی خەممەوە
به ئاراستەی خۆشبەختیدا ،
بۆ ناو شوقە بەرزەکانی کارەساتیان هێنام ..
حاشا لەو پێشوازیە گەرمەی

له کۆڵانه پڕ یاریەکانی منالێما
کڵاوی ئومێدی لەسەر نام و
ووتی گەنجینەکەی تۆم لای پاشەڕۆژ دیوه !
ئیدی پەلی گرتم و
بۆ ناو ئەم زەمانه سارد و سڕەی هێنام ...
نا .. تازه من دەزانم
گەوره بوون تەنیا به ئەفسانه کردنی منالی بوو .. هیچی تر !
سەفەر به ئەفسانه کردنی نیشتمان و
من به ئەفسانه کردنی ژیان و
تۆ به ئەفسانه کردنی من ..
بۆیەش تەنیا به ڕوحێکی سوکەڵەوه
له خۆم ئەترازێم و
هەرگیز خۆم له قەرەی خۆم نادەم ..
تۆ لەوێیت و
شەرابەکانم به سکوتی کوشندەی کەونا دەڕێژی و
له بورکانی لێوەکانت پێکەکانی خەیامی میواندارێتیم
لێگا لێگا بۆ پڕ دەکەی له ماچی ئاگرین ،
بەڵام خۆت نه له ئێستاو نه له داهاتووی ئەم نزا وێڵەم
ئاشکرا ناکەی ...
بەڵام من به لەمسی پەلکەزێڕینەکانتا دێمه خەیاڵتەوه ..
هیچت لێ ناخوازم هێنده نەبێ سەرگەردان سەرگەردان له قولاییەکانتا
ڕوخسەتم بده بێم و بسوڕێمەوه ..
هیچت لێ نابەم هێنده نەبێ دەخوازم به ڕێگا دورەکانما بێیت و
له سەفەرێکی بێ کۆتاییدا بیت..
له دونیات ناشارمەوه ..
ئاکامی شەڕەکانت هەرچی بن ،
ئۆبالی مەخەره ئەستۆی دوودڵیت
بەڵام بتوانه له ناو ژووری قانگ دراوی مەینەتباریدا ،
هەناسەکانم هەڵمژیت ..
بهێڵه جۆگەلەی چرپەکانت به لێوەکانتا
که شوێن نزرگەی ئەهلی بزه و مەغزان
هەمیشه به ڕێوه بێ ،
تا تینوێتیم له ناویا نوقوم بێ ..
هەموو سەفەری درێژی منیش به تۆدا
که هێندەی عومری نوحه
ئەو ساتانەیه

که تۆ تیایاندا دانیشتوی ، بە پێوەی ، بە ڕێوەی
یان ڕووت و قووت
لە ناو شیعرێکا ڕاکشاوی ..
بەڵام خەیاڵت بۆ لایەکی تری چارەنوست دەڕوا و
کلوو کلوو بەفر بەسەریا دەبارێ !
لەوێ هەڵم دەگریتەوە و
وێڵیم لە ڕۆحتا دەشیعرێنی ...
هەر جارێکیش کە بێ ڕەنگیم ببینی
ڕەنگە دەست بکەی بە ناو جانتاکەتدا و
بە قەڵەمی ماکیاجەکەت ،
کە هەمیشە ڕوخساری وەرزەکانی پێ ئارایش دەکەی
بۆ یادگاری ،
فڵچەیەک بە ڕوومەتی گرینۆکیما بهێنی ..!!